# کاریگەری ئابووری و ژنانی فیمنست.

کازیوە سالح

## بەشی پێنجەم

ژیان بە شیوەیەکی گشتی بە پێی یاسا سروشتیەکان دەگوزەرێنن ، بەڵام هەمیشە مرۆڤ هەوڵ و کۆششەکانی لە چوارچیوەی یاسا کومەلایەتی و سیاسی و ئابوریەکاندا چڕ دەکاتەوە ، بە هەموو پیوەرەکانیش هیچ جوڵەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناچێتە پێشەوە بە بێ جوڵەی ئابووری بە هێز یان لانی کەم گونجاو ،کەواتە هەر چالاکیەک جوڵەێ ئابووری نەبێت بە پاڵپشتی ئیفلیجە ، هەر بواری ئابووریش دەست نیشانی دەکات کە ئابووری نەتەوەیی واتە یەکەی کۆمەڵایەتی یان کومەڵ بە گشتی کە دەبێت بە تەواوکەری کەسایەتی نەتەوە و لەویوە کۆمەڵ بە سەرجەم لاشەکەی و تاکیش بە خوێنبەرەکانی ...بەو پێیە ئەگەر تاکێکێ کۆمەڵ لە رووی ئابوریەوە بێ توانا بوو خوێنبەرێکی ئەو لەشە کە نوێنەری سەروەری و قەوارەیی نەتەوەییە نەخۆشە ، ئەگەر گروپێکی بێ دەرامەت بوو واتە ئەندامێکی لەشی ئەو جەستەییە نەخۆشە ، ئەی ئەگەر نیوەی کۆمەڵەکەی کە ژنە هەژار و بێ دەرامەت و نیوەکەی تریشی کە پیاوە لە سێ بەش دوو بەشێ هەژار بێت چ لەو جەستە کلۆڵە دەقەومێت ، کە دیارە ئەو کارەساتەی لێ دەکەوێتەوە کە ببێت بە خاوەنی لەشێکی داڕزاو و نەخۆش کە ئومێدی لەش ساغی لێ نەکرێت .

وەکو هەمیشەش دەگووترێت ئەقڵی ساغ لە لەشی ساغەوە سەرچاوە دەگرێ ، لەم هاوکێشەدا ئەگەر ژن نیوەی هەر نەتەوەو کۆمەڵێک بێت ئەوا بە پێی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان رێژەێ ژنانی کورد چوار بە پیاوانە ، جگە لەوەی رێژەی قەیرەیی و بێوەژنی لە ناو کوردا هەمان راستی دەسەلمێنێت ، بەو پێ یە ئەگەر ئەو بەشەی کورد کە پێک هاتووە لە پیاو هەمووشیان ئاستی ئابوریان لە لوتکەدا بێت ، ناتوانێت ئەو تەرازووە لاسەنگەی کۆمەڵی کوردی راست بکاتەوە ، و تەنانەت ئەو ئامارەش بە هەڵە بژمێرین و نەڵی سێ بەش ئەوا لە باشترین حاڵدا دوو بەشی کۆمەڵی کوردی کە ژنە لە لوتکەی هەژاریدا دەژین بەوانەشەوە کە خاوەنی مووچە و باخەڵی خۆیانن دیسان گیرۆدەی دەردی هەژارین ، چونکە لە ئاستی مووچەی فەرمانبەری کە خواستی هیچ مرۆڤێک ناهێنێتە دی جگە لە هەندێ پێداویستی زۆر سەرەکی لە کاتێکدا زۆربەێ ژنان بەو برە پارە کەمە ئەرکی بژێوی ژیان و خێزانی کەوتووەتە سەر شان ، هێج قازانجێک لەو پارەیە ناکات بۆ خواستە تایبەتیەکانی خۆی یاخود قازانجێکی زۆر رێژەیی و کەمی لێ دەکات چونکە ئەرک و نەبوونی لە بەرِ تر هەیە لە خواستی خۆی . ئەگەر سەبووری خەڵکیش بەوە بدرێتەوە کە مووچە هەندێک زیاد کراوە ، ئەوە هیچ کات دادی خەڵکی کورد و ژنی کوردی نەداوە ، چونکە لە گەڵیدا نرخی شمەک بە تایبەت کرێ خانوو بووە بە ئاگر دەستی هەژارانی کوردستانی پێدا چزاوە ، کە ئەڵێم خانوو ئاشکرایە زۆربەێ خێزانە بێوەژن و هەژارەکانی کوردستان کرێ چین و هیچ کاتێک لە کاتی گۆڕینی دراو و بەرزبونەوە و پێچەوانەکەی هیچ حسابێک بۆ خەڵکی هەژاری کورد نەکراوە ،بە

پێی خواست و بەرژەوەندی سیاسی کۆمپانیا و کارە بێگانەکان هێنراوەتە ناو شارەکانەوە و لە ناو جەرگەی شاردا ساختمان و خانووە گەورەکانە بە پارەیەکی خەیاڵی دەگرن و ئیتر ئەو مامەڵەو سەودای ئەوان دەبێت بە ژیانی خەڵکی کوردستان و سیستمی بە کرێ دان ، بە بێ یەوەی ئەو دەسەڵاتە و حکومەتە هیچ حسابێک بۆ ڕادەێ هەژاری و خەڵکی هەژار لە کوردستاندا بکات ......

لە ڕووی بازرگانی ئازادیشەوە تەنها نەتەوەیەک کە ژنی بازرگانی نیە و تا ئیستا ژنێکی تێدا نیە بە مۆڵە پارەی زۆر مامەڵە بکات و قازانج بکات کوردە ، ژنی کورد لەم ڕووە پەرداخەکەی بە تەواوی بەتاڵە نەک نیوە بەتاڵ ، سەیر لەوەدایە تەنها نەتەوەیەکە شەرم دەکات هەوڵی نیوە کردنی بدات نەک پڕ کردنی . تەنانەت ولاتێکی وەکو سعودیەی عەرەبی کە هەتا ئێستا شۆفێری بۆ ژن یاساغە ، بەڵام ژووری بازرگانی ژنانیان و ڕێژەی ژنانی بازرگانیان لە هی وولاتانی دی گەورەتر و زیاتر ، هەر ئەو ژنانەش هاوکاری مادی چەندین ماڵپەڕی ژنانە و سەنتەری ژنانە دەدەن لە کاتێکدا حکومەتەکەیان هاوکاری کردن و هەبوونیان ڕەت دەکاتەوە ، بەڵام هیچ حکومەتێک ناتوانێت دژی پرۆژەیەک بوەستێ کە کۆمەڵی بازرگان و خەڵکی خاوەن پارەێ لە پشت بێت . بەڵام لە ناو کوردا ئەو بە کارێکی نەشیاو دوور لە داب و نەرێت دەژمێردرێت ، ڕاستە لە ناو کوردا هەژار بە هەژاری و هەژارتر دەمێنێتەوە ، تەنانەت ژنانی پیاوانی خاوەن پارە و ژنانی ئەو لێپرسراوانەش کە پیاوەکانیان بە ناوی کەس کار و خەڵکی نادیارەوە زۆربەی پرۆژەکانی کوردستانیان قۆرخ کردوەتەوە بۆ خۆیان تا ئێستاش ژنی کەسیان لە یەکێک لەو پرۆژانە نزیک نەبووەتەوە وەکو ژنێکی وریا و زیرەک بێتە پێشەوە ببێت بە( بزنس وەمەن) ، لایەنی کەم ئەوانی خێزانی پارەداران ببن بە هاندەرێک بۆ ژنانی دیش کە بێ سڵ کردن بینە بواری کاری ئازاد لە دەرەوەی مووچە ڕەمزێکەی حکومەت ، لە هەموو جیهاندا نیوەی دوکان و سۆپەر مارکێت و بازارەکان ژنان دەیبەن بە ڕێوە ، هەتا ئێستاش کاری ناو بازاڕ بۆ ژنی کورد عەیب و بقەو قەدەغەیە ،(لێرەوە ناقیشیان ناگرم چونکە ئەو حکومەتە بە ناو سیڤلێ یاسایەک و بەرێوەبردنێکی ئاسایشی متمانە پێکراوی وای بۆ شارەکان نیە کە هەر گەشت بە تاریکی ژنانی دوکاندار بە دەردی مناڵە بێ سەرپەرشتیارەکانی سەرشەقامەکانی کوردستان نەبەن ، یان شمەکەکانیان تالان نەکەن )، تەنانەت ژنان بە عەیبی دەزانن باسی مادە بکەن و باسی کاری ئازاد بکەن و گوایە پێیان دەڵێن خەڵکانی مادی و ئەوەش شەرمەزار ی بۆ ئەوی ژن ، ئەو ووشەیە تەنها بۆ پیاوە ، لە کاتێکدا پێچەوانەکەی ڕاستە ,شەرمەزاری ڕاستەقینە ئەوەیە کە ژن هەمیشە چاوەڕوانی فریاد ڕەسێک بێت بۆ ئەوەی لە کێشەکان ڕزگاری بکات و خەونی سەرمایەدارێکیش بکات بە ئامانج بۆ ئەوەی بیگەیێنێت بە خەونەکانی ، ئەو جۆرە پرۆسەیەش هەندێ جار ڕێگە نامەشروع یان نادروست دەگرێتە خۆ کە عەیبەکەی زۆر لەوە زیاتر کە ئەو پێی شەرمە بیکات و بچێتە نێو بازاڕی ئازاد و کارکردن و بەڕێوەبردنی فرۆشگا و ئۆفیسی بازرگانی و ...تاد .

بەڵام لەو هەست کردنەشدا دیسان تاوانی ژن نیە و تاوانی ئەو کۆمەڵەیە کە هەمیشە ئەوی وەکو سمبولی چاو لە دەشتی پیاو وێنە کێشاوە ، تاوانی ئەو رێکخراوانەیە کە هۆشیاریان نەگەشتووە بە ئاستێک ڕەچ شکێن بن و ئەوانیش لە بەزمی پارە خواردن بێنە دەرەوە بۆ دروستکردنی پارە دروستکردن و هاندەری ژنان بن و خولی هۆشیارکردنەوەی ئەو لایەنانەیان هەبێت ، تاوانی ئەو

حکومەتەیە کە تا ئێستا بۆ بەڕێوەبردنی لایەنە ئابوریەکان بە هیچ شێوەیەک ژنی نزیک نەکردوەتەوە و بە کەمی زانیوە بۆ ئەو بوارە ، ئەو دەردی ژن دوور گرتنەش لە مەسەلەی بەڕێوەبردنی ئابوریدا تەنها دەسەلاتی کوردی پێ عەیبدار نەبووە ، بەڵکو ڕێژەی کار کردنی ژنان لە پۆستە ئابوریەکاندا لە جیهاندا بەم شێوەیە .

،هەتا ئێستا ڕێژەی ١% سەرمایەگوزەرانی جیهان بە ناوی ژنەوەیە ژن خاوەنداری دەکات، لە کاتێکدا توانای پیاوانی تەنها وڵاتانی عەرەبی بۆ کڕین ٣،٥ % ، بە پێی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان ٧٠% ئەو کەسانەیّ لە هەژارێکی کوشەندەدا دەژین ژنن وبە ڕادەیەک رۆژانە یەکی لە یەک دۆلار کەمتر دەژین لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا زیاتر لە ٣١،١% ئەو خێزانانەی ژن بەڕێوەی دەبەن لە هەژاری کوشندەدا دەژین .

هەتا ئێستا ژنان هەبوونیان لە کاری بەڕێوەبردن و جێبەجێ کردنی ئابووریدا تەواو کەمە لە وڵاتە پێشکەوتوەکانی وەکو فەڕەنسادا ٩% ئەو جێگە باڵانەیان گرتووە ، لە هۆڵەنداش ٢٠% ژنان سەنتەرەکانی جێبەجێ کردن و بڕیاردانی خراوەتە دەست .

لە سەرجەم وڵاتە تازە پێگەشتوەکاندا تەنها ڕێژەی ٣٣% ی ژن پۆستە بەڕێوەبردنی بەرزی ئابوریان گرتووە .

بە گشتی ڕێژەی ژن لەو پۆستانەدا لە وڵاتە پێشکەوتوەکان ٣٣% لە ئەفریقیا ١٥% ە و لە ئاسیا و پاسیفیکیش ١٣% .

لە کۆی ( ٥٠٠ ) کۆمپانیای زلهێزیش لە وولاتە یەکگرتووەکاندا تەنها ٥ پێنج ژن کاری جێ بەجێ کردن و بەڕێوەبردنی پێ سپێردراوە ئەوانیش ئەمانەن : سفیرون ، باکارد ، هویلت ، جولدن ویست فایننشاڵ و ئافۆن برۆدکتس ، کسیرۆکس .

لە سیلیکۆن فالیش ( ١٠٠) سەد پشک پیاو خاوەنداریتی بەرانبەر یەک پشکی ژنان .ئەو کەم نرخاندن و نەخەملاندنەشە ئەمرۆ ژنانی بەرەو کەنارەکانی جۆرەها کاری نەشیاو بردووە . مەترسیەکانی ئەو هەژاریش ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاد بووندایە.

ئەوەی ئەمرۆ پێویستە بێتە ئاراوە بۆ چارەسەر کردنی ئەو قەیرانە ئابوریانە هەندێک بەرەو سڕینەوە بەرێت ، هەبوونی بزوتنەوەیەکی فیمنستیە کە پرۆژەی جیاوازی بۆ بەرەو پێش بردنی بژێوی ژیان و فکری ئابووری لای ژنان ، ئەویش بە :

- کردنەوەی سەنتەری بازرگانی و کردنەوەی کۆلیج بزنس یاخۆد خولی فێربوونی کاری بازرگانی و رۆشنبیری بازرگانی بە شێوەی پراکتیکی . کە دیارە لە مانەدا مەبەستم پەیمانگا و زانکۆکان نیە کە ساڵانێک خەڵکێک دەچیتە دەخوێنیت و سودێکی ئەوتۆی بازرگانیشی نیە ، مەبەستم ئەو خولە خێرانەیە لە هەموو وولاتاندا هەیە ، بەڵام لە هەمان کاتدا کۆرسی چەند مانگی هەیە سەرجەم بزنس کارەکان وەری دەگرن و لە کاتێکی زۆر کەمدا کە تەنها سێ مانگدا سوودی چوار ساڵی زانکو وەردەگرن .
- پێداگرتن و داواکردن لە حکومەت بۆ دابین کردنی مووچە بۆ هەموو بێوەژنێک هەرجێک بێت هۆی بێوەژنێکەی .

- به هاوكارى حكومەت ( نەك حزب ) لە گەڵ ڕێكخراوە خێريەكانى جيهاندا بۆ كردنەوەى كۆمەڵێك شوقە بە كرێ دانى بە نرخێكى ڕەمزى بەو ژنانەێ كە پاشماوەى ئەنفال ، هەڵبجە كارەساتەكانى دى كورد و بێوەژنەكان و ئەو ژنانەى لێپرسراوێتى خێزانيان لە ئەستۆدايە و هەژارن .
- ئەو پارە ڕەمزێى كە وەردەگيرێت بكرێت بە پرۆژەى بازرگانى بۆ ئەوەێ ئەو بزوتنەوەيە ببێت بە خاوەن ئابورىيەكى سەربەخۆ
- هەبوونى پرۆژەى هۆشيار كردنەوەێ ژن بۆ خوێندنەوە ، پەروەردە مناڵ و بايەخ دان بە خۆى كاتى سك پڕى .
- هەبوونى پرۆژەى پرۆگرامى ئەدەب و رۆشنبيرى مناڵان .
- دابين كردنى سەرجەم دەرمان و كەرەستەكانى مناڵ نەبوونى كۆنترۆڵ كردنى مناڵ بوون و لە باربردن بە خۆڕايى ، لە ميانەى بنكەيەكى تايبەت بە نەخۆشيەكانى ژنان .
- لە ميانەى ئەو سەنتەرە گەورەيەدا كردنەوەى بەشى كۆمەڵايەتى و دەروونى بۆ تەمەنە جياوازەكان و دابين كردنى كەسانى پسپۆڕ بۆ كە سانى ئالودە بووى دەردە دەروونى كۆمەلايەتيەكان و چارەسەر كردنيان ، بۆ نموونە كاتێك كچێكى هەرزەكار پرۆسەيى سێكسى ناسرۆشتى ( وەكو كەسێك ئێجگار مناڵ ، يان نزيك لە خۆى ، يان گەورتر ، يان كچێكى دى و ...تاد ) ئەنجام دەدات ئەو كچە بەر لە دادگا و بەر لەوەى بخرێتە بەر ساتۆرى كۆمەڵى بێ ڕەحم و خێزان پێويستە ببرێتە سەنتەرە كۆمەلايەتى و دەروونيە پسپۆڕەكان ، چونكە هيچ دياردەيەكى ناسروشتى لە مرۆڤى سروشتى ناوەشێتەوە بەر لە ئالودە بوونى بە يەكێك لەو دەردانە ، ئەمە بۆ تەمەنەكانى ديش هەر وايە . بەڵام كە بە شێوەيەكى دى مامەڵە لە گەڵ ئەو ڕووداوانەدا كراوە لە بەر ئەوەيە لايەنێك پاڵپشتێك دڵسۆزێك نەبووە بۆ ژنان كە بە شێوەيەكى زانستى لە كێشەكانى بكۆڵێتەوە .
- كردنەوەى بەشى داد لەو سەنتەرەدا بۆ بەرگرى كردن لە كێشەكانى ژنان لە ناو دادگادا .
- هەبوونى كۆرسى خوێندن بۆ سەرجەم پيشە و زانستە جياوازەكان .
- هەبوونى فێركردنى خوێندەوارى و كارەكانى دەست بۆ ژنانێكى ئاست نەوى لە رۆشنبيرى و خوێندەواريدا .
- دامەزراندنى تەلەڤزيونێكى تايبەت بە ژنان ،كە سەرجەم كارەكانى لە خزمەت ژن و هوشيار كردنەوەى كۆمەل بێت بەرامبەر ژن و مناڵ .
- هەبوونى شوێنگەى حەسانەوە بۆ ئەو ژنانەى شار بە شار دەكەن لە پێناوى خزمەت كردن بە ژنان و هاوكارى كردنى مادى يان و بۆ هاتوو چۆ ، لە هەمان كاتدا هەبوونى شوێنى حەسانەوەى شەو.
- هەبوونى شوێنگە بۆ ئەو ژنانەى بە تۆمەتى كۆمەڵايەتى ژيانيان دەكەوێتە مەترسيەوە .
- هەبوونى تيمێك بۆ بە دواداچوونى ئەو تاوانانەى بەرانبەر بە ژن دەكرێن و بە مەسەلەى ناموس پەرستى پەردە پۆشدەكرێت .

ئەمرۆ ژنانی کورد هێندەی پێویستی بە پرۆژەیەکی جدی لەو جۆرە هەیە پێویستی بە جۆرە پرۆژەکانی دی نیە کە تەنها بۆ بانگەشە دەکرێن ، هێندەی پێویستی بە پرۆژە کۆمەڵایەتیەکان هەیە کە لە ڕیشەوە لێی بکۆڵرێتەوە هێندە پێویستی بە پرۆژەی مۆدرێن نیە ، چونکە ژنێکی نامۆدرین ناچێتە پرۆژە مۆدرێنەکانەوە ، ، ژنێکی ئالوودە بە هەژاری و راکردن بە دوای ناندا ناچێت بۆ مەلەو قاوە خواردنەوە لە دەرەوە ، لەوانەیە بگوترێت هیچ لایەنێک هاوکاری پرۆژەی لەو جۆرە نادەن ، ئەڵێم ئێوەی ژن سەرەتا وەکو بزوتنەوەیەکی فیمنستی رێک بخەن و دوای وەکو حزبێکی فیمنستی خۆتان رابگەیەنن کە هەموو ئەندامەکانتان ژن بێت و سەرجەم کارەکانیشتان بخەنە جوارجێوەیَ ئەو ئامانجانە کە باسکراون ، ئەو کات کام دەسەلات هێندەی یەکێک لەو حزبە تیرۆرستانە لە کوردستاندا دەکرانەوەو بە ناوی فرە حزبیەوە مانگانە دوو ملیون دیناریان وەردەگرت ناداتێ ، گەر ژنان ئەو کۆبونەوەو یەک دەنگیەیان هەبێت و خۆیان بەو عەقڵیەتە لە چوار جێوەی رێکخراو بێت یان حزب یان هەر بیانوویەکی دی کە بتوانن ژنی کورد لە نەهامەتیەوە بگوێزنەوە بۆ ژیانێکی باشتر هەر دەکرێت هێندەی حزبە تیرۆرستەکان هاوکاریان بکرێت !. لەوانەیە بگوترێت هەندێک لەو بنکانە لە کوردستاندا هەیە ، بەڵێ بە بانگەشە هەیە بۆ ئەوەیَ بگوترێت فڵان سەنتەر و فڵان رێکخراو خزمەت دەکەن بەڵام ئایە بە ڕاستی خزمەتیان کردووە و توانیویان بگەن بە ئاستی پێویست و خواستی ژنان و کۆمەڵێکی مەدەنی . جگە لەوەش بە دڵنیاییەوە هەتا کاری ژنان لە دەستی گروپ و ژنانی حزب و حزب دەرنەهێنرێت بۆ دەستی کەسانێکی زانست خواز و خاوەن ئیرادە و خاوەن جیهانبینی و گووتاری ژنانە کە من ئەوە لە فیمینزمدا دەبینمەوە هەرگیز کێشە ی ژنی کورد بەرەو پێشەوە ناڕوات و ناتوانین بگەین بە چارەسەری بابەتی بۆ کیشەکانی جگە لە مەترسی دووبارە کردنەوەی ئەونەهامەتیانە لە رۆژئاوادا ڕوو دەدەن ،کیشەیَ ژنی کورد هێندەیَ ئەمرۆ کیشەیەکی رۆشنبیری ، فەلسەفی ، فکریە هیندە پەیوەدی بە سێکوچکەکانی دییەوە نیە ، چونکە کیشەی ژنی کورد ئەمرۆ لە لایەن کۆمەڵێکەوە دەبرێت بەرێوە کە خۆیان کیشەی فکریان هەیە لە تێگەشتن لە کیشەیَ ژنان ، خۆیان کیشەی فەلسەفیان هەیە لە تێگەستن لە چەمکەکان ، خۆیان کێشەی رۆشنبیریان هەیە لە خۆ پاکردنەوە لە گوناهەکان بەرانبەر بە ژن ، خۆیان خاوەنی گوتاری ژنانە نین ،کەواتە کیشەی ژنی کورد تەنها بە یەک پێوەر دەچێتە پێشەوە ئەویش لە رەگەوە دامەزراندنی دەزگایەکی تەواو جیاوازی تایبەت بە ژن ، فکرێک تەواو جیاواز لەوەی هەیە ، کە ئەوەش متمانە دەخاتە سەر ئابووریەکی پەرەسەندوو بەڵام لە ڕاستیدا کورد چەندیش هەژار بێت هێندەی پارە لە پرۆژەکانی بە ناو ژنانەوە بە هەدەر دەدرێت ، ئەگەر دڵسۆزانێکی دوور لەو گوناهانەی کە باس کراون ، ئەگەر بزوتنەوەیەکی فیمینزمی دروست ببێت دەتوانێت هەموو ئەو ئامانجانە بهێنێتە دی کە باسکراون بە بێ ئەوەی جاوەڕوانی فریاد ڕەس و ئەسپەکەی تەرواده بکات بیباتە بۆ خەونە خۆشەکان .

## ئامانجی سیاسی فمینیست .

مرۆڤی فمینیست ئامانجی ڕێکخستنی ژیانە بەباشترین شێوە چونکە تەنها ووشەی ڕێکخستن واتای ئەوەی نیە ئێمە خاوەنی کۆمەڵێکی ڕێکخراوین بە هەبوونی ڕێکخراوێکی زۆریش واتای ئەوە نیە ژنان ڕێکخراون و ڕێکخراوەکان لە لایەنی ژنان و گوتاری ژنانەوە مۆنۆپۆلە کرا بێت.
بۆیە ئایدیای فمینیستی هەوڵ دەدات بۆ دەستەبەر کردنی گوتارێکی ژنانە کە لە میانەی جیهانبینی و مەعریفەی ژنەوە گەڵاڵە بووبێت، لە پێناوی یەک دەندگی بۆ یەکگرتنی ژندا کار بکات و بزانێت دەسەڵات و سیاسەت ئاوازی لە ناو بردن نیە بەڵکو ئاوازی بونیادنان و ڕێکخستن و ئاسانکاری ژیان و بەرجەستە کردنی تەبایی و ئاسایش وئاشتی و مەعریفەیە بۆ مرۆڤ ، چونکە ژنی فمینیست دەزانێت بەرلەوەی باس لەدەسەڵاتی ژن بکات ، دەسەڵات خۆشی و ژنیش پابەندی ئاستی کۆمەڵایەتی و هەل و مەرجی گۆڕینەیەتی کە ئەمەش دیسان پابەندی ڕیسا ئابوری و ڕۆشنبیری و هۆشیاریەکان دەبێت.

## شەرعیەتی فمینیستی سیاسی

هەر سیستمێک لە سیستمەکانی سیاسەت بەوجۆرەی کە هەیە سیاسەتی خۆی دادەڕێژێت و شەرعیەت دەدات بە خۆی، هەندێ وەکو بۆ ماوەیی خەڵاتی دەسەڵاتیان وە دەست دەکەوێت، ئەوەش لە دەرەوەی خێزانەکەیان بێتە دی بێنێتە ناو دەسەڵات و بە نامەشروع دێتە ژماردن ، هەشە بانگەشەی دیموکراسی و لیبرالی و سەرجەم چەمکە قورسەکانی جیهانی خۆرئاوا دەکات بەڵام لە ناوەرۆکدا بە هەمان شێوە و خراپتریش دەسەڵات قۆرخ دەکەنەوە لە دەستی خەڵکانی بنەماڵەو دەوروبەری خۆیان گەرچی بەناوی نیشتمانی و گشتگیریەشەوە کار بکەن ئەوا دیسان دەسەڵات بۆ ئەو کەسانەیە کە پەرە بەو ڕێباز و بیر و باوەڕەکەی دەدەن نەک بۆ بەرژەوەندی خۆیان کار دەکەن نەک کەسانێک بۆ بەرژەوەندی گشت کار دەکەن. لە ڕۆژهەڵاتدا بە تایبەت لە ناو کورددا من باوڕ بەو هەڵبژاردنانەش ناکەم کە بە حساب بە شێوەیەکی دیموکراسی دەچێتە بەڕێوە، چونکە هیچ کام لە هەڵبژاردنەکان دوور نیە لە دەستی تەزویر و فێڵ کردن لە جەماوەر.
بۆیە پێویستە بزووتنەوەی فمینیستی خۆی بە خەونی دەسەڵاتەوە لە گەڵ ئەو دەسەلاتانەی ئەمرۆ لە مەیداندان خۆی خەریک نەکات ، چونکە وەکو لە تەوەرەکانی پێشودا روونمان کردووە ئەو دەسەلاتانە ڕێگە خەون بینینی بە مرۆڤ نادەن لە دەرەوەی خەونەکانی خۆیان . بەڵکو پێویستە لە ڕێگەی باڵا کردنی ئایدی فیمینزم لە ناو کۆمەڵدا بیر و باوەری ببێت بە دەسەڵاتێکی گەورە، هەر بیر و باوەڕێکیش توانی بیر و قەناعەتی خەلکێک زۆر داگیر بکات، توانی جیهانی کوردی لە خورافەی فریادڕەس و ڕەمز و دروستکردنی وەهمیەوە دەربهێنێت بۆ جیهانی واقیع بەرفراوانترین دەسەڵاتی بە خۆی بەخشیوە و پەسەنترین سیاسەتی کردووە ، چونکە جیهانی کورد لە خەونی هاتنی فریادڕەسێک بۆ ڕزگار بوون . بۆ گەشتن بە سەنتەر بۆ سارێژ کردنی برینەکان؛ بۆ بەرهەم هێنانی

خەونەکانی ڕزگاری نابێت. ژنی کوردیش بە هەمان شێوەی خەونی فریادڕەس بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی درێژەی بە خەونی ئەو فریادڕەسە داوە لە هەرزەکاریدا دێتە خەوی بەسەر پشتی ئەسپێکی سپیەوە دەیباتە کەنارەکانی ئاوابوون و ژووانی عیشقی لەگەل دەبەستێت. ئەرکی فمینیزم ئەوەیە مرۆڤ لە خەون دەربهێنێت بۆ واقع، لە واقیعشدا زانستیانە لە خەونە نەهاتووە دییەکان بکۆلێتەوە. چونکە فمینیزم جیاوازی نێوان بەهاو سیاسەت ناکات . بۆیە لە سیاسەت و ئایدەلۆژیای بێ بەها نزیک نابێتەوە

. فمینیزم ئەو ئایدیالۆژیایە فمینیست ئەومرۆڤەیە کە هەول دەدات بەها مۆرالیەکان لە میانەی ئەوەی لە واقیع و لە بونیادی کۆمەڵدا هەیە بەرجەستە بکات ، ئەو کۆمەڵەش کەسێک هەڵدەبژێردرێت هاوکاری بەڕێوەبردنی بکات ، ئەو مرۆڤەش پێویستە سیفەتەکانی مۆرالی عەقلی ، کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و مرۆیی و لەخۆ بووردیی تێدا بێت. کۆمەڵ ڕازی بێت بەو پۆستەی کە وەری دەگرێت ئیتر بە ڕەچاو نەکردنی ئەوەی ئەو کۆمەڵە بچووکە یان گەورە.

مەسەلەی ژن بانگەشە نیە هەندە پابەندی مەعریفە ، مۆڕال ، فەلسەفە و ڕەنگدانەوەی تیۆرییە گشتگیرییەکانن بۆ کۆمەڵ ، قەناعەتی قوولی مرۆڤە کە بە بێپراکتیزە بێ ناوەرۆک و پێناس دەمێنێتەوە.

کاتێک باس لە مانشێتی باسەکان دەکرێت، بە تایبەت ئەوانەی پابەندی مەسەلەی ئازادی ژنان و یەکسانییانن لەگەل ژناندا لە ڕووی سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و گەشەسەندنەوە...هتد، هەر زانیارییەک پێوەندی بە ژندەرەوە هەبێت داوامان لێدەکات بگەڕێینەوە بۆ بنەماکان ، لەونێوەدا دەتوانین یەکەی کار و جوداوازی و هەڵوێستەکان و پرۆسەیەکی زانستی بدۆزینەوە.

لێرەوە ئەگەر ئەوانەی خۆیان بە مەسەلەی ژنان خەریک کردووە ، یاخود خۆیان بە بەرگریکاری ژن دەزانن ئەگەر لەو ڕووانگەیە پەلاماری مەسەلەی ژنان بدەن ، ئەو کات تەنانەت ئەگەر بەکگراوندێکی عەلمانی یان ئایینی و زانستی و پارێزگاریشی هەبێت دواجار دەگەن بە هەندێ بیر و ڕای گشتگیر و یەکدەنگی یاخود یەکئامانجی کار لە زۆر ڕووەوە ، کە دەکرێ لە هەندێ باوەڕیتر دا جیاوازیان هەبێت یاخود جیاوازیان لە ئالیەتی جێ بە جێ کردن دا هەبێت. ئەمەیە ئەو باوەڕەیە کە ژنی فمینیست لە خۆی دەگرێت و کورد لێی بێبەشە، تەنانەت هەندێ وولاتی دواکەوتووی عەرەبی کە هیچ ئاگایان لە فیکری فمینیزم نیە گەشتوون بەو ئاستە لە ئامانج و کارکردندا، بۆ نموونە وولاتێکی وەکو مەغریبی عەرەبی کە تەنیا چەند ساڵێکە مافی خۆ هەڵبژاردنیان بە ژن بەخشیوە بۆ پەرلەمان ،(منتدی الزهرا) کە (سمیە بن خلدون) سەرپەرشتی دەکات (٣٠)سی ڕێکخراوی عەلمانی و ئایینی و لیبرال و سەرجەم بیرو راکانی تری لە خۆی گرتووە ، سەرجەمیان بە یەک دەنگ بۆ وەدیهێنانی مافەکانی ژنی مەغریبی کار دەکەن ئەگەر لە هەندێ بیر و باوەڕیش دا جیاواز بن.

ئەمە ئەو دەردەیە کە ژنان لە جیهاندا ئالوودەی بووە ، دەردی جیاوازی و یەکنەگرتن ، تەنانەت ژنانی ڕۆژئاوا ئەمرۆ تووشی بێئۆمێدی بوون لەبەر ئەوەی نەیانتوانیوە تا ئێستا خاوەنی ئەو یەکدەنگی و یەکدەستییە بن کە خواستی ئەوانە. بە خوێندنی ئامانجەکانیان هەر یەک لەسەر ئاوازێک ،کێشەکانیان ئەوەندە ئالۆزبووە کە زانایانیشیان زۆر جار سەری لەبەر دەرناکەن و هەندێکیان پێیان وایە پێویستە ژنی ئەورووپی جارێکی دی بگەڕێنەوە بۆ ناو ماڵ و بە خێو کردنی

**منالّ بۆ ئەوەی ڕیسا و پەنتی نویّ بۆ مەسەلە دابرِژێنن و لە میانەی ئەو پنت و میکانیزمەوە بتوانێت مافەکانی کۆنترۆڵ بکات .**

**هەر ئەو بیّسەر و بەریەی ڕێکخراوەکانی ڕۆژئاوا وەکو ئێستا لای ئێمەش باوە وای لە ژنە نووسەری بریتانی (دووریس لیسەنگ) کە ساڵی ١٩١٩ لە زیمبابوی ئێستا لە دایک بووە یەکێک بوو لە بەرگریکارە سەرسەختەکانی ژنان و ڕوخێنەری بیری کۆنەپارێزی و دامەزرێنەری سەندیکای ( netCr Dor)کە بۆ هەمان مەبەست دایمەزراندووە ، یەکێکە لە پاڵەوانانەکانی دژەکاری زوڵم و زۆرداری داگیر کردن و ڕەگەزپەرستی ، ئەمڕۆ لیسەنگ کە لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا دەژی بە هیچ شێوەیەل ڕای خۆی دەربارەی مەسەلەی ژنان دەرنابڕێت بە هۆی ئەو بیّئۆمیدیەی ڕێکخراوکانی ژنان تووشیان کردووە.**

**بۆیە کاتێک دەڵێم فمینیزم مەبەست ڕێکخستنی هەموو دەنگ و ڕەنگەکانی ژنە هونەرێکی پەسەندە وەکو پرۆژەیەکی زانستی، مرۆیی، مەعریفی و دیموکراسی ببینن.**

<u>**سەرچاوەکان :**</u>


⁕ feminis family values plainview pr .1996… **Gloria Steinem**

1- Feminist Theory…..Josephine Donovan

*2*

*-الجمهورية ...افلاطون ...ترجمة محمد حسن لطفي*

3 - **هەمان سەرچاوە**

- (**ئەم مەسەلەیەم لە کتێبی ژنی کورد لە دەروازەی هەزارەی سێهەمدا بە درێژی باسم لێوە کردووە** 4).

5 - **ژنی کورد لە دەروازەی هەزارەیّ سێهەمدا ...کازیوە ساڵح**

6 - **تقرير مركز الاقليمي للامن الانساني في معهد الدبلوماسي الاردني**

7- Rationalism ……..

**العقلانية**

8- Feminist Theory…..Josephine Donovan

9- www.encyclopedia.com

10- ***Susan B. Anthony***http://www.susanbanthonyhouse.org/biography.html**…**

11- **Pankhurst, Emmeline Goulden….**http://www.encyclopedia.com/html/P/Pankhurs.

12- www.nyu.edu

13- EMMA GOLDMAN…. http://sunsite.berkeley.edu/Goldman

14- **Janet RANKEN….**http://www.johngriley.com

15- **Sherley Chisholm … http://www.usroots.com**

16- Gloria Steinem….http://www.nwhp.org

17- **هزری مێنەی کورد لە نێوان بەرهەم هێنانی خەون و ئەگەری بڕیارداندا ...کازیوە ساڵح نڤاری ژمارە ٢**

-- **لە وانەیە هەندێک و بزانێت ئەو جۆرە ژنە لە ناو کۆمەڵی ئێمەدا نی‌یەو ئەوەی دەیڵێم چەند** 18

**ووشەیەکی خەیاڵی‌یە بەڵام بە داخەوە ئەوە حەقیقەتەو نموونەو بەڵگەم لە لایە**

(.........)...**نامەوێت لە بەهای نووسینەکەم کەم بکەمەوەو لێرەدا بیخەمە ڕوو بەڵام بە دڵنیایی‌یەوە خستنەڕووشی کاتی خۆی دێت**

19- politologie ….http://damoo.csun.edu

..20- **تایبەتی خۆی کە بە بانکی سپێرم ناوزەت دەکرێت و لە رۆژئاواد اژمارەیان زۆرە کە خەڵکانێک دەچن سپێرمی خۆیان دەفرۆشن بەو بانکانە و ژنانێکیش کە مناڵیان نابێت دەیکڕێن و لە مناڵدانی خۆیان دا دەچێنن بۆ دروست کردنی مناڵ)**

/ 21- **Margaret Sanger…**http://www.nyu.edu